## کراسی گوڵداری کوردی

لەگەڵ هەر ڕێگەیەك بۆ ڕازاوە كردنی شـێوەی كراسـی كوردی، بە مەرجێك كە جۆری قوماشـەكە گرنگییەكی ئەوتۆی هەیە، بە مانای ئاگادار بوون لە جۆری قوماشەكە دەبێتە سەرەتایەكی گرنگ بۆ نەخشی كراسـەكە، وەكو دەزانین خانمان زیاتر گرنگی بە ڕەنگی قوماشی جلی كوردی دەدەن، لێرەدا گرنگە كە بزانن زیاتر نەخشـەكانی ناو كراسەكە، وادەكات جلەكـە ڕازاوەتر و جوانتر بێت، بەمەش لە ڕێگەی ئامادەكردن و هەڵبژاردنی جۆری قوماشـەكە، یەكێك لەو جۆرە قوماشانەی كە لە كراسـی كوردیدا كاری پێدەكرێت، بریتییە لە قوماشی گوڵدار، كە هەر لایەكی بە گوڵ ڕازاوەتەوە و ئەمەش وادەكات كە لەگەڵ جۆری كراس و ئێكسسوارەكاندا خۆی بگونجێنێت، گرنگیی ئەو جۆرە قوماشە لەوەدایە لەو كاتەی كە بەرگدروو ئامادەی دەكات، دەكرێ شـێوەی كراسەكە وا ئامادەبكات كە گوڵەكان لە سـەرەوە بۆ خـوارەوە بن، ئەمەش زۆرترین جوانی دەبەخشێت و شایسـتەی پۆشین دەبێت، زیاتریش ئەو جۆرە جلە بۆ بۆنە و یادە گشتییەكان، یان بۆ وەرزی بەهار و نەورۆز دەپۆشرێ و دیمەنێكی سەرنجڕاكێشی هەیە.










## دەستەوانە پۆشاكێ

بەهۆی سـاردیی وەرزی زسـتان، زۆربەی خانمان تووشی گرفتی جوانكاری و كێشـەكانی پێسـت دەبنەوە لـەو وەرزەدا، چونكە كاتێك ماددەكانی ماكیاژ و مۆدەكان لەسەر پێست دەمێنێتەوە و هەوای ساردی بەردەكەوێت، دەبێتە هۆی ناشـیاوی و كێشـەكانی جوانكاری، بۆیە خانمان دەتوانن لە ڕێگەی كەرەستە و ئێكسسوارەكانی جوانكارییەوە لەم گرفتە ڕزگار بن یان خۆیـان بپارێزن، بەمەش دەتوانن پارێزگاریی لە پێسـت و گشت بەشەكانی دیكەی جەستە بكەن، ئەو شوێنانەی زیاتر بەر هەوای سـارد دەكەون ئەوانەن : ڕووخسار – مل-دەست، هەرچی

## بازنگی باریک و ڕەنگی کاڵ

هەر جۆرە ئێكسسـوارێك بایەخ و گرنگیی خۆی هەیە، خانمان دەتوانن لەو لایەنە ئاگاداربن كە بتوانن چ جۆرە ئێكسسـوارێك هەڵبژێرن تاوەكو لە دەست و سـەر جەستەیان ڕازاوە و جوان بێت، بە بیروڕای پسپۆڕانی جوانكاری، كە دەڵێـن : گرنگترین مۆدە ئەوەیە كاتێك خانمـان خۆیان بزانن چ جۆرە مۆدە و جل و ئێكسسـوارێك لەگەڵ جەستەیان شیاو و ڕێك دەبێت، چونكە خۆیان لە جۆری جوانیی جەسـتەیان دەزانن و دەتوانن گونجاندێكی تایبەت ئامادە بكەن. بە ڕێگەی هەڵبژاردنی جوانترین مۆدەكانی بازنگ دەتوانین سادەترین جوانی بە دەسـت بدەین، گرنگ نییە لە چ جـۆرە كانزایەك بێت، هەیە وا بیر دەكاتـەوە كە تەنیا كانزا گرانبەهاكان ڕۆڵیان هەیە لەم بوارەدا، وەك زێڕ، كەچی هەندێك جار ئێكسسـوارێكی زیو دوو ئەوەندەی زێڕ جوانتر دەبێت، بە پێچەوانەش ڕاسـتە، گرنگ ئەوەیە بزانیت كە ڕەنگی پێستت چی پێویستە و بە چ جۆرە مۆدەیەك جوان دەبێت، لەم لایەنەوە پسپۆران جەخت لەسەر جوانیی بازنی شـێوە باریك دەكەنەوە، بە پێچەوانەی مۆدەكانی پێشـوو كە بازنگی گەورە و ئەستوور مۆدەی هەبوو، هەروەها بۆ ڕەنگەكانیش دەتوانین یەكێك لە ڕەنگە كاڵەكان هەڵبژێرین.









## ...كى جوان و بە بەها

دەربارەی رووخسارە چارەسەری بۆ نییە، بەڵام دەتوانین بۆ مل و دەست ئێكسسوار بەكاربهێنن، تاوەكو زیاتر پارێزراو و جوانتر بن، وەك بەكارهێنانی شاڵ بۆ داپۆشینی مل، هەروەها دەستەوانە بۆ دەست، هەر یەكە لەم دوو ئێكسسوارە جێگەی گرنگییەكی تایبەتن لە بواری جوانكاریدا، بە تایبەت دەستەوانە كە چەندین جۆریان هەیە، كە هەر یەكەیان دیمەن و شێوەیەكی تایبەتیی خۆی هەیە، بەڵام ئەوەی زیاتر باوە ئەو مۆدە كراوەیە كە سەری پەنجەكان دیار دەكەون، ئەمەش بۆ نیشان دانی نینۆكەكانە.

## ئەنگوستیلەو ئەڵقەی بە كریستاڵ

**رەوەند بەختیار**

ئەو جۆرو شێوازو بابەتانەی بۆ ئێكسسواری دەست و پەنجەكان بەكاردێن زۆرن و چەندین شێوازیان هەیە، نوێترین شێوازی ئێكسسواری نمایشكراوە بریتییە لە هەریەكە لە ئەڵقەو ئەنگوستیلەی بە كریستاڵ رووپۆشكراو، ئەم جۆرە ئێكسسوارانە جوانیەكی تایبەتمەندو نایانبی هەیە لە بەر ئەوەی جیا لەو رەنگەی كە هەڵبژێردراوە بۆ ئەم ئەنگوستیلەیە كە بریتییە لە زەردێكی ئاڵتوونی لەگەڵ سلڤەرێكی كاڵ رووپۆشكراوە بە كریستاڵی بریسكەدا كە جوانییەكەی زیاتر كردووە بەتایبەت ئەگەر رووناكی بەربكەوێت، زۆری شێوەی ئەنگوستیلەكان، وادەكات كە هەر یەكە دیمەنێكی تایبەتی هەبێت، بۆیە دەبێت خانمان بزانن لەگەڵ كامەیان مامەڵە دەكەن تاوەكو لە پەنجەكانی دەست جوان و رازاوە بن، دیمەنی ئەو جۆرە ئەنگوستیلانە، لە چەندین شێوەی بچووكدا دەبینرێن، بەمەش كار لەسەر رازاندنەوەی پەنجەی دەست دەكات، بە تایبەت بۆ ئەو خانمانەی كە هێشتا كچن و ژیانی هاوسەرییان پێكنەهێناوە، نموونەی ئەو جۆرە ئەنگوستیلانە، بەشێكی لە پەنجەكان پڕدەكاتەوە و دیمەنێكی رازاوەیشی دەبێت، ئەڵقە و ئەنگوستیلەی كریستاڵ یان لە رەنگی كریستاڵ، دیمەن و شێوەیەكی ناسكی هەیە، بە تایبەت كاتێك خانمان وەك ئێكسسوارێكی سەرەكی بەكاری بهێنن.





## چۆنییەتی گونجاندنی جانتای دەست و جلوبەرگ

گرنگیی جلوبەرگ و هەر شێوەیەك لە ئێكسسوارەكان، یان كەرەستە سەرەكی و پێویستەكان، وەك جانتای دەست، كە بەشێكی گرنگە لە جوانی و رازاندنەوەی شێوەی خانمان لە دەرەوەیە، بە تایبەت كاتێك هەر دەستە جلێك لەگەڵ یەكتردا لە شێوە و رەنگ رێكدەخرێن،

لە كوردستان زیاتر خانمان گرنگی بە رێكخستنی نێوان جلوبەرگ و ئێكسسوارەكان دەدەن لە رێگەی رەنگەوە، كە ئەمەش راستە یەكێكە لە بەشەكانی گونجاندنی كەرەستە و جل، بەڵام دەتوانین رێگەی دیكەش بگرین، لەوانە : گونجاندن بە پێی شێوە، یان بە پێی ستایلی كەرەستەكان، وەك جلوبەرگی ماركە، واتە دەكرێت پانتۆڵ و جانتای دەست لە هەمان ماركە بن، بەڵام ئەوەی زیاتر دەردەكەوێت كاتێك كەرەستەوجلوبەرگ رەنگیان لەگەڵ یەكدیدا گونجاو دەبێت، وەك لەم وێنەیەدا كە هەوڵدراوە رەنگی جانتای دەستەكە لەگەڵ رەنگی پانتۆڵەكە شیاو بێت، لەگەڵ دانانی بازنگێك لە هەمان رەنگی جانتایەكە، هەروەها لە سەرەوەش بە سووركردنی لێو، دەستە جلێكی تەواوی لێ دەركەوتووە، ئەمانەش چەندین بیرۆكە بوون لە چۆنییەتی گونجاندنی رەنگ و ستایل و شێوەی نێوان كەرەستە و جلوبەرگ.



## گیراوەیەكی سادە بۆ جوانكردنی دەست

خانمان دەتوانن بە چەندین رێگە و كاری جوانكاری، پارێزگاری لە دەستەكانیان بكەن و زیاتر رازاوە و جوانتری بكەن، كە هەر یەكەیان هەنگاوێكە بۆ سپی كردنی پێست و رەنگی دەست، ئەمەش یەكێكە لەو رێگە سادانەی كە سوودمەندە بۆ سپی كردن و جوانكردنی دەست كە لەم كەرەستانە پێكدێت :

- ئاوی گوڵ
- لیمۆ
- فازلین

**رێگەی دروست كردن و ئامادەكردن**

سەرەتا كەوچێك لەو سێ كەرەستانە دەهێنرێت و لەناو شووشەیەكی پاك و جوان ئامادە دەكرێت، تێكەڵی یەكتر دەكرێت، ئەمەش دوای ئەوەی بۆ ماوەیەك لەناو شووشەكە دەمێنێتەوە و رۆژانە بەر لە نووستن لە دەست دەدرێت، ئەگەرچی ئەو گیراوەیە كاتێكی زۆری پێویستە بۆدەركەوتنی كاریگەرییەكەی، بەڵام كاریگەریی زۆرە و ئەنجامێكی چاكیی دەبێت لە جوانكردنی پێستی دەست.





# ملوانكەی میٚخەكی بۆن خۆش!

لە ناو كوردەواریدا، چەندین بەرهەمی جوان و سەیر و سەرنجراكێش هەن، كە جێگەی جوانی و بایەخی گشت لایەكە، لەگەڵ ئەوەشدا كەلتورێك بۆ خۆی تۆمار دەكات و دەبێتە كەرەستەیەكی مێژوویی بۆ كورد، یەكێك لەو كەرەستە جوان و ناسكانەی كە ئافرەتان لە پێشوودا لە ملیان دەكرد، یان لەسەر دەست و سەر سینگی كراسی كوردی وەدەر دەكەوت، میٚخەك بوو، میٚخەك ئەو كەرەستە جوانەیە، كە لە سەردەمی كۆندا لە ناو كوردا بایەخی پێدراوە و دروست كراوە، هەروەها جگە لەوەی وەك دەرمانێكی گیایی بەكاردەهێنرێت، بەڵام ئافرەتانی دەست رەنگینی كورد، توانیویانە بیكەن بە ملوانكەو لە ملیان بكەن، میٚخەك بریتییە لە خونچەی گوڵی وشك كراوە، كە بۆندارە و لەو گوڵانە كە هەردەم بۆنیان هەیە، لە میٚخەك جگە لە ملوانكە و كەرەستەی جوانكاری، هەروەها وەك بەهارات و دەرمان كاری پێكراوە. بۆیە ئافرەتانیش وەك خشڵ لەگەڵ موورو و مەرجان و بەرد، كردوویانە بە كەرەستەیەكی جوانكاری جوان و سەرنجراكێش و بۆن خۆش.






# گۆرانی و بەستە لە كاتی مەشكەژەنین

لەكوردەواریدا بۆهەمووكارێك هۆنراوە و بالۆرەیان وتوە هەركارە و هۆنراوەو ئاوازی خۆی جیابووە بۆساواركوتان و دروێنە و شەنبا و مەشكەژاندن، لێرەدا دەمانەوێت هۆنراوەو ئاوازی مەشكە ژەنین بەبیری هەموولایەك بهێنینەوە.

**هەی مارەبابم مەشكێ هەی رۆح و گیانم مەشكێ**
**مەشكەم بژەن هەورازی كاكە ژنێ دەخوازی**
**هەی مارەبابم مەشكێ هەی روح و گیانم مەشكێ**
**مەشكێ بژەن بەپێكە ماست و ئاوی لۆتێكە**
**لۆی رابگرن سێ پێكە هەی مارەبابم مەشكێ**
**هەی روح و گیانم مەشكێ مەشكەم بژەن بەدووان**
**لەبن سێبەری توان كەرەو رۆنی بۆڕوان**
**هەی مارەبابم مەشكێ هەی ڕوح وگیانم مەشكێ**





# ئافرەتێكی نیوە جەستە

هەندێك كەس هەن لەو كاتەی تووشی كارەساتێك دەبن، یان لە كاتی لە دایك بووندا بەشێكی جەستەیان نابێت، رەنگە بە نائومێدی بژین و خۆیان لەگەڵ كەسانی ئاسایی پێ جیاواز بێت، بەڵام ئەوە راست نییە و دەبێ كەمئەندامان و یان ئەوانەی بەشێكی جەستەیان نییە، وەك خەڵكی ئاسایی بژین، تەنانەت هەمان ئەو كارانە بكەن كە خەڵكی ئاسایی ئەنجامی دەدەن، بەڵگەش بۆ ئەو قسانە ئەو ئافرەتەیە، كە بەشی خوارەوەی جەستەی نییە، بە ئافرەتی نیو جەستە ناو دەبرێت، كەچی لە ژیان نەوەستاوە و ئێستاش هاوسەرگیری پێكهێناوە و دوو منداڵیشی هەیە، ئەو ئافرەتە لە ئەرژەنتین دەژی و ناوی (ریجینا)یە، تەمەنی نزیكەی (٣٥) ساڵە و وەكو خەڵكێكی ئاسایی ژیان بەسەر دەبات و ببینن چۆن لەگەڵ هاوسەرەكەی دەچێتە دەرەوە و منداڵیش بەخێو دەكات.

# وێنەكێشان لـ


ئەوانەی لە كاری هونەری جوان و شتی سەیر ئەنجام دەدەن، دەتوانن لە بیرۆكەی سادە و جوانەوە، چەندین بەرهەمی نایاب پێشكەش بكەن و ببێتە بابەتێكی بەسوود وكاریگەر، وەك ئەو هونەرمەندە ئەمەریكییە كە ناوی (كلوز





## بازاڕکردن بە بەلەم!

بەهۆی زۆری ئاو و رووبار لە وڵاتی تایوان، کە زۆری ئەو رووبارانە بەناو شارەکان و شوێنی نیشتەجێی خەڵك تێدەپەڕن، بۆیە زیاتر کاریان لەسەر هاتوچۆی ناو ئاوە، ئەمەش وادەکات کە خەڵکەکە زیاتر بە قایەغ (بەلەم) هاتوچۆ بکەن، ئەوەی مایەی سەیرە کە لە گشت شوێنەکانی شاری تایپای، کە شارێکی تایوانە و رێژەیەکی زۆر لە ئاو بەو شارە تێدەپەڕێت، تەنانەت وەکو شاری (ڤینیسیا)ی ئیتاڵی لێهاتووە، ئەم شوێنە ناوەڕاستەکەی بازاڕە و خەڵك بە بەلەم هاتوچۆ دەکەن و شت دەکڕن، ئەوەی سەیرە کاتێك بتەوێت ماڵداری بۆ ماڵەکەت بکەیت، لە جیاتی تاکسی دەبێ بە بەلەم بچیتە بازاڕ.





## وردیلەترین و بچکۆلەترین بووکی جیهان

ئەگەر چی لە گشت یاسا و ئایینەکاندا رێگە نەدراوە کە کچ لە تەمەنێکی بچووکدا شوو بکات، بەڵام وادیارە لە هەندێك جێگەی جیهاندا، ئەو لایەنە پەیڕەو ناکرێت و تەنانەت لەلای خۆمانیش وایە کە هەندێ جار کچ لە تەمەنی منداڵیدا بە شوو دەدرێت، کە ئەوەش هەڵەیەکی گەورەیە و چونکە کچ پێویستە لە رووی تەمەن و جەستەو ئەقڵەوە بۆ هاوسەرگیری پێگەیشتبێ، لە وڵاتی مالیزیا بچووکترین کچ لە جیهاندا شووی کرد، کچەکە ناوی (نور)ە و کوڕەکەش ناوی (موحەمەد)ە، بووکەکە تەنیا (١٢) ساڵە و کوڕەش (١٩) ساڵە، دوای ئەوەی یەکتریان بەدڵ بووە بە رەزامەندیی کەسو کاری هەردوولا هاوسەرگیریان پێکهێنا.





## ...ە سەوزە و میوە

ئینریك جیدز) لە شاری نیوریۆك، سوودی لە تابلۆکانی گەورە هونەرمەندی ئیتاڵی (گوسیپی ئەرتیبۆلدۆ) وەرگرتووە لە سەدەی شازدەهەمەوە، سوودی لە سەوزە و میوە وەرگرتووە بۆ وێنەکێشانی رووخساری ئەو کەسانەی وێنەیان دەوێت، زۆربەی وێنەکانیش تاکو ئێستا ماون و بۆیە ئەو وێنەگر و هونەرمەندە ئەمەریکییە، هەمان شێوەی تابلۆ و وێنەی لە سەوزە و میوە دروست کردووە، بۆ وێنەکێشانی رووخساری مرۆڤ کە بە مەرجێك شێوەی لە خاوەنەکەی بچێت.





# کوردستان لە پێشوازی ساڵی تازەی ٢٠١٣دا


لە ســـەرتاپای جیهان لە شەوی سەری ساڵی هەموو ساڵێكدا سەرتاپای كوچە و كۆڵانەكان دەڕازێنرێتەوە بە داری جوانی كریســـماس و ئێكســـسواری رازاندنەوەی شـــار بە گشت جۆرە شـــێوازەكان، كوردستانیش لە پێشوازی ئەو ڕۆژەدا باوەشـــی خۆی بەڕووی ئەو یادە كردەوە، چونكە كوردســـتان وڵاتی پێكەوە ژیان و فرە نەتەوەكانـــە، چەندین یادكردنەوە و ئاهەنگ لە گشت شارەكانی كوردســـتان لەو ڕۆژەدا ئەنجام دەدرێ و بەخێرهاتنی ساڵی تازەی (٢٠١٣) دەكەین و بەهیوای ساڵێكی پڕ خۆشی بێ بۆ هەمووان.







**كاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩**

ئەم ماوەیە بە كێشـــەیەك ســـەر قاڵ دەبیت كە ڕەنگـــە ببێتە هۆی ئـــەوەی زۆر لە هاوڕێ و خۆشەویســـتەكانت لەبیر بكەیـــت، بەڵام لەگەڵ ئـــەوەش هاوڕێ دڵســـۆزەكانت پاڵپشـــتیت دەكەن و لەخەمەكانت سووك دەكەن.




**گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠**

هیچ بەڵێنێك مەدە كە گومانت هەبێت لـــە جێبەجێكردنی بەهـــۆی بارودۆخی ناجێگیرو نالەبارو ئەو گۆڕانكارییانەی لـــەم ماوەیـــەدا ڕوودەدەن و ڕووبەڕووی كێشەت دەكەنەوە، بۆیە هەوڵبدە لەگەڵ واقیع مامەڵە بكە.



**دووانە ٥/٢١ - ٦/٢٠**

پڕۆژەیەكی ئابـــووری و كۆمەڵایەتی بەنـــرخ چاوەڕێـــی ئامادەكـــردن و جێبەجێكردنـــە، هەوڵبدە بارودۆخێكی گونجـــاوی بۆ بڕەخســـێنیت، تاوەكو بتوانیت ســـەركەوتنی تێدا بەدەســـت بهێنیت.





**قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢**

زۆر بە پەرۆشەوە كاردەكەیت و لەهەر كاتێك زیاتر ئارەزووی كۆكردنەوەی پارە دەكەیت، لەوانەیە پارەیەكی چاك بەدەست بهێنیت بەهـــۆی ئەو كارانەی كـــە دەیكەیت، ئەنجامی باشیشی دەبێت.



**شێر ٧/٢٣ - ٨/٢٢**

لەبواری ســـۆزدارییەوە هەوڵبـــدە ئەوەندە هەستی دۆستەكەت بریندار نەكەی، ئەگینا بەیەكجـــاری لێت دەتۆرێت و لەدەســـتت دەچێت، لەبواری كاریشدا پێویســـتە زیاتر خۆت هیلاك بكەیت تاوەكو بەپرسەكانت گلەییت لێ نەكەن.



**گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢**

بەهـــۆی ســـەركەوتنە بەردەوامەكانت لە كارەكەتدا ڕووبـــەڕووی چەند ناحەزێك دەبیتەوە كە چاویان بە سەركەوتنەكانت هەڵنایـــەت، واباشـــترە بـــێ دەنگی هەڵبژێـــری چونكە بەپرســـەكانت لەراستی تۆ تێدەگەن.

## یاری پیت ڕیزكردن

هەوڵبدە ئەو پیتانەی ناو بازنەكان ڕێكبخەی بۆ ئەوەی ناوی ئافرەتێكی گۆرانیبێژی ڕەسەنی كۆنی كوردت بۆ دەربچێ:

ن ش ش ی ە ا ئـ ا

وەڵامی ژمارەی پێشوو : بەرێز حاجی

## بۆ زاخـــاوی مێشك

* وەڵامی ژمارەی پێشوو وشەی (كازیوە) بوو



بۆ زانینی ئاستی زیرەكیت، هەوڵبدە ئەنجامی ئەم شێوە شیكارە بدۆزیتەوە..

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| | | | | |

ئەم چوارگۆشانە بەپیت پڕ بكەرەوە كە لەكۆتایی ناوێكت بۆ دەردەچێت بتوانە لەماوەی (٥) خولەكدا ناوەكە بدۆزیتەوە، ئەمەش وەك سوود وەرگرتن لەم ئاسانكاریانەی خوارەوە:

**ئاسانكاری**

- پیتی خانەكانی (١+٢) كۆ بكەیتەوە بە مانای (خواردنێكە گوێدرێژ دەیخوات و هاوشێوەی گەنمە)
- پیتی خانەكانی (٣+٤+٥) كۆ بكەیتەوە بە مانای (خوێن بە زمانی هەولێری)
- پیتی خانەكانی (٣+٢+٤) كۆبكەیتەوە بە مانای (شتێكی سوورە و لە هەموو خواردنێك دەكرێ)
- پیتی خانەكانی (٤+٥)كۆ بكەیتەوە بە مانای (دراوی وڵاتی ژاپۆن)



**تەرازوو ٩/٢٣ - ١٠/٢٢**

لەبــواری ســۆزدارییەوە ئەوەندە کاتت بەفیرۆ مەدە، چونکە کات لەبەرژەوەندی تۆدا نییە، بۆیە هەوڵبدە بەبێ پێچ و پەنا هەستی خۆت بۆ کەسەی بەرامبەر دەرببڕیت کە دەمێکە دڵی لێ سەندووی.

**دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١**

هەست بەچوســـت و چالاکی دەکەیت، بــەڵام نەکەی بــێ بیرکردنەوەیەکی باش هیچ کارێکی گرنگ ئەنجام بدەیت، ئارام و هێمن بــە، چونکە لەوانەیــە رووبەڕووی کەسێکی خراپ و ببیتەوە.

**کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١**

مەزاجت باشتر دەبێت و لەوانەیە دیدارێکی گرنگ ســاز بدەیــت، یــان بریارێکی یەکلاکەرەوە بدەیــت دەربارەی جێگیریی و بەهاوســەربوون، یاخود پەیوەندییەکی نهێنیت بۆ دەوروبەر ئاشکرا دەکەیت.

**گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩**

ئەمرۆ گوێبیستی هەواڵێکی هەڵبەستراو دەبیت و کاریگەرییەکی خراپ لەسەر باری دەروونیــت جێدەهێڵێت، هەروەها پێویستە خۆت بپارێزی لە دەمەقاڵێ لەگەڵ ئەندامانی خێزانەکەت.

**گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨**

ئەم ماوەیە بەهۆی ســەرکەوتنەکانت خەریکە لەخۆبایی دەبیت و ئەو کەسانە لەبیــر دەکەیت کــە هاوکارییــان کردوویت لەبەدەست هێنانی ســەرکەوتنەکانت، کەمێك ویژدانت ئاســوودە بکــەو هاوڕێکانت لەبیر مەکە.

**نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠**

راســتییەك بێئومێدو بێ ورەت دەکات، بەڵام رۆژانی داهاتوو لەگەڵی رادێیت و خۆشــحاڵ دەبیت، بۆیە بەزیرەکی و پشــوو فراوانی هەڵســوکەوت بکە با دوایی پەشیمان نەبیتەوە.

## نوکتە



- دوو هاوڕێ گفتوگۆیان بوو لەسەر ئەوەی کامەیان پــارە هەڵدەبژێرێت و کامەش عەقڵ هەڵدەبژێرێــت، یەکێکیان گوتــی من پارەم دەوێــت، ئەوەی دیکەش گوتــی من عەقڵم دەوێت، دواتر لەوەیان پرســی کە پارەی دەویست، گوتیان بۆ پارەت دەوێت؟ ئەویش گوتی: هەموومان ئەوە هەڵدەبژێرین کە نیمانە!












## پەندی ناوداران



گابرایل دانتی دەڵێت :
مرۆڤ لە هەمــان گێژاوی وتەکاندا خۆشــی لێ ونبووە، هەندێــك ژیان زۆر بە هیچ دەزانــن، هەندێکی دیکەش بە بەهاترین شــتی دنیــای دەزانن، ئاخر دەکرێــت وەڵام لەکام گێژاوی ئەواندا بدۆزرێتەوە.

## دیـوانـە شـیعر



شیعری رەفیق سابیر :
دەیکەم بە دەمامك و لانە
دەیکەم بە ئاڵای ونبوون و
چاوەڕوانی و
تامانی ئەم گۆڕستانە.
پەڵە هەورێ دادەدڕم و
لە ئاسمانی رۆژەکانما وەك کۆلارە هەڵی دەدەم
نەء، وەك وڵاتە دوورەکەم
بۆ رۆح دەیکەم بە جۆلانە
س: شیعری کوردی